گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر پەیوەندییەکانی (تورکیا- یەکێتی سۆڤیەت) لەسەرەتای دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لەساڵی ١٩٣٩

**م.ی. پەیمان عبداللە حمد**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
payman.hamad@su.edu.krd

**پ.ی.د. بختیار سعید محمود**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

**پ.ی.د.کەیوان شافعی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی سنە، زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، سنە، ئیران
Kaivan_shafei@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/١
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٧
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Turkey, Soviet Union, Agreement, Relations, Britain

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.1

## پوختە

هاوکێشە سیاسیەکان لە جیهان بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی 1939، بەرەو ئاڵۆزی و تێك هەڵچزان هەنگاوی نا، لەم کاتەدا تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت کە لەساڵانی پێشوو دوو دەوڵەتی دۆست بوون کەچی لەم قۆناغەدا بەهۆکاری جیاواز پەیوەندییەکانیان درزی تێکەوت، کە لە هەمووویان زیاتر نزیکبوونەوەی تورکیا بوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا, کە ئەمەش پێچەوانەی ویستی ستالین بوو. چونکە دۆستایەتی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکرد لە پاشەکشەکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. دروستبوونی ئەم کەلێنە هەلی بۆ ئەڵمانیا ڕەخساند تاوەکو هیتلەر خواستەکانی بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی جیهان دەستەبەر بکات. بۆ بەجێ گەیاندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجەکانیشی لەگەڵ ئەوەی رقی لە شوعیەت بوو کەچی لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکبوویەوە لە پێناو مەرامەکانی خۆی رێککەوتنی واژۆکرد. ئەم رێککەوتنە کاریگەری کردە سەر گەورەبوونی درزی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو, دوورکەوتنەوەیان لەیەکتری. لەولاشەوە تورکیا زیاتر مەیلی بەلای بەریتانیا و فەرەنسا بوو. ئاکامەکەشی هەریەکەیان پێچەوانەی ویستی یەکتری رێککەوتنیان ئەنجام دا.

## پێشەکی:

ساڵی 1939 ساڵێکی زۆر هەستیار بوو بۆ هەموو جیهان، چونکە هەموو جیهان بەرەو شەڕێکی حەتمی هەنگاوی دەنا. لەم کاتەدا هەموو وڵاتان پەرۆشی داهاتووی خۆیان بوون، وڵاتە زلهێزەکان بەدوای ئەو وڵاتانەوە بوون کە خاوەن پێگەو شوێنی هەستیارن تا بیانکەن بەهاوپەیمانی خۆیان و سودی لێوەربگرن. لەم نێوەندەدا تورکیا و شوێنی جوگرافی ئەو وڵاتە گرنگی وپێگەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەلایەک و بەریتانیا و فەرەنسا لەلایەکی تر هەبوو. بەڵام لەو کاتانەی کە بەرژەوندی و ویستی بەریتانیا و فەرەنسا لەگەڵ ویست و خواستەکانی یەکێتی سۆڤیەت یەکتری نەدەگرتەوە. یەکێتی سۆڤیەتت هەوڵیدا تووشی گۆشەگیری نەبێت و بەبێ پشتوانی نەمێنتەوە، لەگەڵ ئەڵمانیا رێکەوت. ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو تورکیای زیاتر لە هاوپەیمانان نزیک کردەوە. چونکە تورکەکان ترسیان لە ئەگەری هێرشی سۆڤیەت و ئەڵمانیا هەبوو. وە باوەڕی زیاتریان بە بەریتانیا و فەرەنسیەکان هەبوو، هەر ئەمەش پاڵی پێوەنان تا لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1939 پەیماننامەی هاوکاریان لەگەڵ ببەستن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە شەنوکەوی ماوەیەکی کەم لە ساڵی 1939 دەکات کەماوەی پێش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان و سەرەتای جەنگە، بەڵام ماوەیەکی زۆر هەستیار و یەکلاکەرەوە لە مێژووی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت، ماوەیەک پڕ لە ڕاڕایی تورکەکان، لەو ماوەیە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانیش لە گفتوگۆدا بوون، لەلایەکی تر بەهەستیاریەوە دەیان ڕوانیە گفتوگۆی هاوپەیمانان و یەکێتی سۆڤیەت، کاتێک ئەم گفتوگۆیە سەرکەوتوو نەبوو و سۆڤیەتیەکان بەلای ئەڵمانیا شکانەوە، تورکەکان گفتۆگۆکانیان لەگەڵ بریتاینا و فەرەنسا چڕ کردەوە بۆ ڕێککەوتن، ئەمەش بڕیارێک بوو پەیوەندی بە داهاتووی ئەو وڵاتەوە هەبوو. لەم توێژینەوەیە بەوردی ئەو دۆخە هەستیارە شیدەکەینەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لەڕێگەی سەرچاوە مێژوویی و بەڵگەکانەوە زانیاری و تێڕوانینی تەواومان دەستبکەوێت لەبارەی کاریگەری وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا- یەکێتی سۆڤیەت لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٣٩. هەر لەپێناوی گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکەمان وێڕای گێڕانەوەی مێژوویی، هەندێکجار هەڵماندا‌وە شیکاری بابەتەکانیش بکەین, چونکە تاوەکو ئێشتاش ئەم کێشانە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان لە جیهان بەدی دەکرێت. گریمانەی ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە کەئایا هاوپەیمانان سەرکەوتوو بوون لەوەی کە بتوانن کۆنترۆڵی تورکیا بکەن و ڕێگەنەدەن بکەوێتە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت یاخود نا؟

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە پشتمان بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژووی بەستوە، لەوانە (Документы внешней политики СССР، بەڵگەنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت). چەند سەرچاوەیەکی تورکی لەوانە Türk-Rus İlişkileri) ,Gürün پەیوندییەکانی تورك – و ڕووس لە 1920 تا 1953)کە زۆر بەوردی پەیوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەی شیکردۆتەوە. کتێبی (ترکیا القوة الوسطی من أتاتورك الی أردوغان، كاظم هاشم نعمة)، سەرچاوەیەکی پڕ لە زانیاری و تۆکمە، هەروەها چەندان کتێبی دیکەی بەسودی وەکو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراو ڕۆژنامەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بەناونیشانی پەیوەندی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە سەروبەندی جەنگ واتە پێش هەڵگیرسانی جەنگ. تەوەری دووەم بەناوی پەیوەندی تورکیا و سۆڤیەت دوای ڕێککەوتنی ئەڵمانی- سۆڤیەتی, هەرچەندە لەو ڕێککەوتنە ناوی تورکیا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام کاریگەریەکانی لەسەر پەیوەندیەکانی تورکیا و سۆڤیەت بەڕوونی دەردەکەوێت، بۆیە پێویستە باس بکرێت. هەر لەم تەوەرە ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم ڕێکەوتنە بووە هۆی بەستنی ڕێکەوتنی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانان. هەرچی تەوەری سێیەمە لەبارەی نزیکبونەوەی تورکیا لە بەریتانیا و فەرەنسا دەدوێ.

## یەکەم: پەیوەندی  تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە سەروبەندی جەنگ

لەنێوان هەردوو جەنگدا پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت سەرەڕای هەندێك گرفت، دەکرێت بە پەیوەندییەکی باش سەیر بکرێت. سۆڤیەت ئامانجی ئەوەبوو کە تورکیا لەڕێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییە بازرگانیەکانەوە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بمێنێتەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەڕێگەی ئایدیاکانی کۆمۆنیزمەوە کاریگەری بەسەر تورکیا دروست بکات. تورکیا بەپێچەوانەی ویستی یەکێتی سۆڤیەت بەگرنگیەوە کاری دەکرد بۆ بونیادنانی پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ ڕۆژئاوا و سنوردارکردنی چالاکی کۆمۆنیستەکان لە خاکی وڵاتەکەی، مامەڵەی تورکیا لەبەرامبەر ئەو چالاکیانە کاریگەری خراپی لە پەیوەندییەکان دروستکرد، ئەم سیاسەتەی لەلایەن سۆڤیەت پێشوازی لێنەکرا ( Gürtuna, 2006: 27).

بێگومان هەریەك لە تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت بەگوێرەی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بیریان دەکردەوە، هەوڵی ئەوەشیان دەدا مەترسیەی و هەڕەشەکان کە پێش جەنگی دووەمی جیهانی هەبوو لە سنورەکانیان دووربخەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافي تورکیا وایکردوە کە کاریگەری هەبێت لەسەر سەنگی سەربازی و ئابووری لە ناوچەکە و، جێگای بایەخی زلهێزەکان بێت بەتایبەت لەڕووی هەڵکەوتەی سنوری ئاوییەوە، چونکە تورکیا لەشێوەی دوورگەیەکە بە چوار دەریا دەورردراوە، ئەوانیش دەریای ڕەش، مەرمەڕە، ئیجە و ناوەڕاستە، جگە لە بوونی هەردوو گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیل، کە هۆکارێك بووە بۆ بەیەکەوە بەستنی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا(الحاج، 1947: 5). هەر بۆیەش ئاسان نەبوو کە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگە بدەن تورکیا بەئاراستەی یەکێتی سۆڤیەت بڕوات. بەتایبەت ترسی زۆریان لە بڵاوبوونەوەی بیری شوعیەت هەبوو، بۆیە نەیاندەویست سنوری تورکیا کراوە بێت لە بەردەم ئارەزووەکانی سۆڤیەت .

هەرچەندە دوژمنایەتی ڕاگەیەندراو نەبوو لە نێوان تورکیا و سۆڤیەت، بەڵام وردە وردە خاڵە جیاوازەکان لەنێوان هەردوولا بەدیارکەوتن. ئەوەی هەبوو تەنها موجامەلەکردنی یەکتری بوو لەگەڵ دەستگرتن بە پەیوەندییە ئابوورییەکان کە پێشوتر لەسەری ڕێککەوتبوون. لەگەڵ دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، لێکترازانەکان زیاتر بوون، کاتێك یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ئەڵمانیا لە23ی ئابی 1939 ڕێککەوتنی واژۆکرد. تورکیاش بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریەکی پتەو ڕووی کردە بەریتانیا و فەڕەنسا، لە 19ی تشرینی یەکەمی 1939, ڕێککەوتنی لەگەڵ واژۆکردن (Галиакбарова, 2005:112, 113).

لە کاتێکدا وڵاتان و نەتەوەکان بەرەو ڕووی جەنگێکی سەخت دەچوون. بەهاتنی ساڵی 1939 مۆسکۆ پێشنیارێکی بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانی ئاسایش لە دەریای ڕەش، خستە بەردەم تورکیا و ڕۆمانیا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرئەوەی ئەوان بەشداربوون لە هاوپەیمانیەتی بەلقان(1). ئەنقەرە نەیدەویست لە بڕیاردان لەسەر پێشنیارەکان بەتەنها بێت. بەڵکو هەوڵیدەدا ڕەزامەندی وڵاتانی بەلقان بەدەست بهێنێت بەتایبەت یۆنان. ئەم بابەتە لەدانیشتنی شوباتی 1939 لەنێوان ئەندامانی هاوپەیمانیەتی بەلقان تاوتۆکرا، هاوپەیمانەکان لەبەرامبەر ئەو پێشنیارە هەستیار بوون، چونکە مەترسی ئەوەیان هەبوو ناوچەکە ببێتە ناوچەی کێبرکێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان. ترسیان لەوە هەبوو جموجۆڵی ئازادیان لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکان سنوردار بکرێت. لەلایەکی دیکە تورکیا لەنێوان چەند ئاڵنگەریەك مابویەوە، ئەمیش ئاڵنگەری ڕێکخستنی هەرێمایەتی و ئاڵنگەری پاراستنی ئاسایشی دەریای ڕەش بەبێ بوونی ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەت، وێرای ئاڵنگەری پاراستنی ئاسایش لە دەریای سپی ناوەڕاست بەبێ ئەوەی بەریتانیا تێدا لایەنی سەرەکی بێت(نعمة، 2017، ج 1، 175).

بەم شێوەیە تورکیا گیری خواردبوو لەنێوان ئەو ئاڵۆزیەی کە بەشێوەیەکی گشتی جیهانی تێکەوتبوو، نەیدەویست بڕیارێك بدات بەشکست و هەرەسهێنان تەواو بێت، تا ئەوکاتیش هەوڵی دەدا پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی بکات لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. لە مانگی ئاداری 1939دا شوکرو ساراچ ئۆغلۆ، لە لێداونێکی لەگەڵ باڵیۆزی سۆڤیەت لە تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی وڵاتانی بەلقان سەرکەوتنی خۆی نیشان بدات، هەڵویستی ئەرێنی لەبەرامبەر یۆنان و ڕۆمانیا، وە پێشبینیکردنی ئەوەی گوایە هیچ یەکێک لەو وڵاتانە بیر لەوە ناکەنەوە بچنە نێو هاوپەیمانی دژە کۆمۆنیستی، لە دژی یەکێتی سۆڤیەت (Документы внешней политики СССР: 1963, Tom:22, 165). ئەم هاوپەیمانەتیە لە 25ی تشرینی دووەمی 1937 بەسترابوو. بۆ دژایەتیکردنی شوعیەت بەگشتی و یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی. لەنێوان ئەڵمانیا و یابان دواتر ئیتاڵیاش لە 1937، چووە پاڵیان. لە پاشکۆی نهێنی ئەم هاوپەیمانەتیەدا هاتووە، لە حاڵەتی پێکدادانی یەکێك لە وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، وڵاتانی دیکەی ناو هاوپەیمانەتیەکە نابێت کارێك بکەن باری یەکێتی سۆڤیەت سوك بکەن. وە هەریەك لە ئەڵمانیا و یابان بەڵێنیاندا کە هیچ پەیمانێکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت واژوو نەکەن دژی ئەم ڕێککەوتنە نهێنیە بێت. ئەم هاوپەیمانەتیە سەرەتایەك بوو بۆ هاوپەیمانیەتی سەربازی، بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان بەزەبری هێز. شایەنی ئاماژە پێکردنە کە، وەنەبێت هاوپەیمانەتیەکە تەنها دژی سۆڤیەت بێت، بەڵکو دژی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکاش بوو(أ.بيريزكين و أخرون، 1975: 382، 383).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێتی سۆڤیەت بەهەستیاری و بایەخەوە چاودێری بارودۆخ و سیاسەتی تورکیای دەکرد، لە بروسکەیەکی ئەلیکسی فاسیلیفیتش تیرنتییف، باڵیۆزی سۆڤیەت لە تورکیا، بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە 8ی ئاداری 1939، باس لە وردەکاری سەردانی سەرۆك وەزیرانی بولگاریا بۆ تورکیا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینی تورکیا لەبەرامبەر دۆخی ناوچەکەو پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت لەزاری ڕەفیق سایدامی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئاماژە پێکراوە. تیرنتییف، کەماوەی نیو کاتژێر گفتوگۆی لەگەڵ ڕەفیق سایدام کردوە، سایدام پێداگربووە لەسەر پتەوی و گرنگی پەیوەندی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی ئیمپریالیستی ئەڵمانی. تورکیا بەشێوەیەکی موکڕ بیر لەدۆخی وڵاتە بچووکەکان دەکاتەوە، مەبەستی ئەو وڵاتانە بوو کە لەلایەن ئەڵمانیا دەست درێژیان کرابووە سەر(2)، یان لە مەترسیدان بوون. وە ئایا لەدوای ئەوانە نۆرەی کێ دێت، سایدام نەیشاردەوە کە جۆرێك لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لەنێو کۆمەڵگەی تورکیدا بوونی هەیە سەبارەت بەدەستدرێژیەکانی ئەڵمانیا.(Документы внешней политики СССР: 1963 Tom:22, 205)
لەنیسانی 1939، ف.ب. بۆتمکین، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بە سەردانێك گەیشتە تورکیا بۆ ئەوەی سەبارەت بەواژۆکردنی هاوپەیمانەتیەکی تازە لەگەڵ سۆڤیەت ڕێکبکەون، بەو ئامانجەی هاریکاری یەکتربن لەکردنەوەی بەرەیەك بۆ ڕێگریکردن لە هێرشە دوژمنکاریەکانی هیتلەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(النعیمي، 2011، 33). بۆتمکین ئاسودەی مۆسکۆی پێشاندا لەبەرامبەر نزیکبوونەوەی تورکیا و بەریتانیا سەبارەت بە دەریای سپی ناوەڕاست، لەهەمان کاتدا پێشنیاری بە بەستنی هاوپەیمانیەتیەکی لە نێوان تورکیا- سۆڤیەت- بەریتانیا- فەرەنسای کردبوو، بۆ دەستەبەری ئاسایشی دەوڵەتانی بەلقان و، و هاوپەیمانیەتی تورکیا- سۆڤیەت- بەریتانیا لەلایەکی دیکە ببەسترێت. بەڵام ئەم پێشنیازانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو. لەڕاستیدا تورکیا مەبەستی نەبوو سیاسەتی دوورکەوتنەوە یاخود هەڵبژاردن لەنێوان بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت پەیڕەو بکات. هەرچەندە لە سەروبەندی جەنگدا لە لەندەن نزیك دەبووەوە، بەڵام نیازی ئەوەی نەبوو کە کارێك بکات ببێتە مایەی نیگەرانی یان فەرامۆشکردنی سۆڤیەت(نعمة، 2017، ج:1، 175).
ئەو ئاڵۆزییەی کە جیهان بەگشتی پێوە سەرقاڵ بوو، لەلایەکی تر دڵنیانەبوونی تورکیا لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت کە ئایا چی دەکات؟ لەکاتێکدا ئەگەر دووچاری مەترسی بووەوە ئایا سۆڤیەت وەکو ساڵانی جەنگی ڕزگاری دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ درێژ دەکات یاخود بەپێچەوانەوە ئەویش

هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات لە گەرووەکانی تورکیا. چونکە تورکیا لەڕووی سەربازی و ئابووری لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێت بە تەنها پشت بەتواناکانی خۆی ببەستێت لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراودا پێویستی بە هاوپەیمانەتیەك هەبوو(نخجوان، 1339ی هەتاوی : 7).

یەکێتی سۆڤیەت لە 18ی ئاداری 1939 پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی کرد لەگەڵ بەریتانیا ، فەرەنسا، ڕۆمانیا، پۆڵەندا و تورکیا ، چونکە ئەوکات مەترسی فراوانخوازیەکانی ئەڵمانیا سەریهەڵدابوو. مەبەست لەم کۆبوونەوەیە، گەیشتن بوو بە ڕێککەوتنێك تاوەکو لەڕێگەی سۆڤیەت دڵنیایی بدرێتە وڵاتە بچووکە ئەوروپییەکانی دەوروبەری سۆڤیەت و، وە چارەنووسیان دیاری بکرێت. کەچی بەریتانیا دوودڵ بوو لە قبوڵکردنی پێشنیارەکە، وە ڕایگەیاند کە ئەم کارە بەسەرچووە وە نیازی نەبوو ئەم کارە لەگەڵ سۆڤیەت ئەنجام بدات. بەڵکو مەبەستی بوو سۆڤیەت بەتەنها ڕووبەڕووی ئەڵمانیا ببێتەوە. وادیارە بەریتانیا پێی باش نەبوو پێشنیارەکەی سۆڤیەت بێ وەڵام بێت بۆیە لە 21ی ئاداری 1939 لە ڕێگای نوێنەری خۆیان لە مۆسکۆ داوای کرد بەریتانیا، فەرەنسا، سۆڤیەت و پۆڵەندا کۆببنەوە. تاوەکو بەرەیەکی هاوبەش دژی دەستدرێژی بۆ سەر هەر دەوڵەتێك لەئەوروپا بوەستن. هەرچەندە سۆڤیەت پێی وانەبوو کە بەریتانیا موکوڕبێت لەسەر ئەم کارە هاوبەشە کەچی وەڵامی ئەرێ دایەوە بۆ کۆبوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای مانگی نیسان بەریتانیا پەشیمان بووەوە. لە 14ی نیسان بەریتانیا پێشنیاری کرد کە حکومەتی سۆڤیەت ڕاگەیاندنێك بکات لە حاڵەتی هەر دەست درێژیەك بۆ سەر وڵاتانی ئەوروپی دەوروبەری ئەوا سۆڤیەت هاوکاریان دەکات ئەگەر وڵاتەکە ڕەزامەندی هەبوو. ئەم پێشنیارەی بەریتانیا هیچ ئەرکێکی نەدەخستە سەر شانی بەریتانیا و فەرەنسا ئایا لەکاتی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت ئەوان چی دەکەن؟ لەکاتێکدا لەنێوان خۆیان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە هاوکاری یەکتری بکەن ئەگەر دووچاری هێرش بوونەوە. لەلایەکی دیکە ئەم جۆرە پێشنیارەی بەریتانیا تاڕادەیەك وەکو گێچەڵ وابوو کە دەڵێت :(ئەگەر وڵاتەکە ڕازی بوو بەو یارمەتیە)(أ.بيريزكين و أخرون ، 1975: 413، 414). جگە لەمەش سۆڤیەت هەستی بەوە کردبوو کە دبلۆماسیە بەریتانی و فەرەنسیەکان موکڕ نین بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵیدا، بەگوێرەی یاداشتێکی نهێنی کەلەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە 22ی ئایاری 1939، بۆ فەرەنسا ڕەوانەکراوە، ئاماژە بەوە دەکات "....کە ئەگەر ئارەزوو هەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، ناوەرۆکەکەی هاوکاری سۆڤیەت بێت بۆمان لە کاتی هێرش دەکرێتە سەرمان لەڕۆژئاوا، نەك بۆ غافلکردنی ئەڵمانیا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دووبەرە، بەڵکو بۆ هۆکارێکی دیکەیە کە ئەویش، پێویستە یەکێتی سۆڤیەت لەشەڕ تێوەبگلێت لەکاتی هەڵگیرسانی ...". لەلایەکی دیکەش سۆڤیت ئاگاداری دانوستاندنەکانی نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا بوو کە بەنهێنی بەڕێوەدەچوون(مجموعة من الباحثين السوفيت، 1968: 51، 53).

لەو ماوەیەی کە بەریتانیا و فەرەنسا لە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشدا بوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لەدژی ئەگەری هەر دەست درێژیکردنێك بۆ ناوچەکانیان، تورکیا بەبایەخەوە چاودێری بەڕێوەچوونی دانوساندنەکانی دەکرد(لينشوفسكى، 1964، 184). تەنانەت لە کاتی بەردەوامی هاموشۆکانی نێوان بەریتانیا، فەرەنسا و سۆڤیەت ڕۆژنامە فەرمیەکانی تورکیا ئەم بابەتەیان بەبایەخ و گرنگیەوە بڵاو دەکردەوە لە مانشێنتی سەرەکی شوێنیان هەبوو (Cumhuriyet, 8 Haziran 1939, S: 5413; 13 Hazıran 1939, S: 5418). چونکە سیاسیەکانی تورکیا وابیریان دەکردەوە بەرێککەوتنی ئەم سێ لایەنە ئاسایش سەلامەتی خاك و بەرژەوەندییەکانی تورکیا پارێزراوتر دەبن، لە دڵەراوکێی و نیگەرانی ڕزگاریان دەبێت. هەرچەندە یەکێتی لەو دانیشتنانەی کە لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا ئەنجامی دەدان هێچ زانیاریەکی بە تورکیا نەدەدا (Gürün, 1991: 186), بەڵام لەهەمان کاتدا لە دانیشتنەکانی 2ی حوزەیرانی 1939 دا لەکاتی وەڵامدانەوەی داواکاریەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، سۆڤیەت ئامادەی نیشاندا لەبەرامبەر هێرش و مەترسیەکانی ئەڵمانیا ئەو یارمەتی کۆمەڵێك وڵات دەدات لە نێوانیاندا تورکیا هەبوو. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە سەرەتای مانگی ئایاری 1939، بۆتمکین لە ئەنقەرە بوو بەمەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی فاشیەت، بەڵام سیاسیەکانی تورکیا لەژێر کاریگەری ڕۆژئاوا وەڵامێکی ئەرێنیان نەدایەوە سۆڤیەت(مجموعة من الباحثين السوفيت، 2007: 232). دەکرێت بڵێن کاریگەری سیاسەتی ڕۆژئاوا بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی تورکیا- سۆڤیەت ڕۆڵی هەبوو بۆ ئەوەی دواتر تورکیا لەبەرەیەك لەگەڵ خۆیان کۆبکەنەوە.

لەکاتی دانوستانەکاندا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا، نوێنەری سەربازی سۆڤیەت، داواکاری ئەوەی کرد، ئەگەر دەیانەوی جەخت لەسەر ڕێگری لە مەترسی و دەستدرێژیەکانی ئەڵمانیا بکەنەوە و مکوڕن لەسەر ئەوەی پۆڵەنداو ڕۆمانیا هاوپەیمانی بەریتانیا و فەرەنسابن، دەبی ڕێگە بە هێزی سۆڤیەت بدەن خاکی ئەوان ببڕێت تاوەکو بەر بەهێرشی نازیەکان بگرێت، کەچی پۆڵەندا و ڕۆمانیا پێشوازیان لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشنیارەی سۆڤیەت نەکرد کە بۆ هاریکاری سەربازی کردبووی (جارودي، 1998: 72). هەرچەندە ئەو پێشنیارانەی سۆڤیەت دەیکرد بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ئەوانەی دەکەونە نێوان دەریای بەڵتیك و دەریای ڕەش ئەوانەی لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکن. بەریتانیا و فەرەنسا ڕازیبوون بەو پێشنیارە بەو مەرجەی دژ نەبێت لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵەی گەلان، ئەمەش سۆڤیەتی نیگەران کرد. جارێکی دیکە سۆڤیەت پێداچوونەوەی بەپێشنیارەکەی کرد کە ئەمجارەیان ئەو وڵاتانەی دیاریکرد کە دەستەبەرکردن دەیانگرێتەوە. ئەوانیش ڕۆمانیا، پۆڵەندا، تورکیا، بەلجیکا، یۆنان، لاتیفیا، ئیستوانیا و فنلدا، یاخود هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئەورووپی کە داوای هاوکاری بکات. وادیارە لەبنەچەدا بەریتانیا و فەرەنسا مەبەستیان نەبوو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ سۆڤیەت ببەستن، بەڵکو مەبەستیان بوو تەنها لەکاتی پێویست بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن. دەتوانین بڵێن متمانەیان بەهێزی سەربازی سۆڤیەت نەبوو، بۆیە گفتوگۆکان هیچ ئەنجامێکی لێ بەرهەم نەهات(بهنان، 2005: 108-109).

وادیارە لەماوەی بەرێوەچوونی دانوسانەکان سۆڤیەت بۆی ڕوون بووەوە کەمەبەستی بەریتانیا و فەرەنسا کات کوشتنە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، لەگەڵ نەبوونی هاوسەنگی لە ئەرکەکان. وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دانوسانەکاندا دەیانویست یەکێتی سۆڤیەت پابەند بکەن بەوەی کە بەرگری لە وڵاتانی دەوروبەری بکات، بەبێ ئەوەی ئەرك بکەوێتە سەر ئەستۆی خۆیان(أ.بيريزكين و أخرون ، 1975: 415). بۆیە وەڵامی سۆڤیەت بۆ پرۆژەی بەریتانیا، ئەوە بوو کە ئەوان ناتوانن پیشنیارەکانی بەریتانیا قبوڵبکەن، وەکو بنەمایەك بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ڕووبەڕووبوونەوە. لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- پێشنیارەکانی بەریتانیا بنەمای ئاڵوگۆڕی تێدانەبوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت. یەکێتی سۆڤیەتی خستبووە دۆخێکی ناهاوسەنگەوە.
2- پێشنیارەکانی بەریتانیا تەنها گەرەنتی دەبەخشی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، کە لەسەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت بوون لەوانە پۆڵەندا و ڕۆمانیا. بەرەی باکوری ڕۆژئاوای یەکێتی سۆڤیەت بەرەو فینلاند و ئیستونیا و لاتیڤیای نەدەگرتەوە . واتە تەنها ئەو وڵاتانەی پەیوەندی باشیان لەگەڵ بەریتانیا هەبوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- نەبوونی گەرەنتی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە، لەئەگەری هێرشی ڕاستەوخۆ لەلایەن هەر شەڕانگێزێکەوە(کە زیاتر مەبەستیان ئەڵمانیا بوو) ئایا ئەوان چ هاوکاریەك پێشکەش بە سۆڤیەت دەکەن .(Lee, 1999: 74)

ئەڵمانیا بەپێچەوانەی بەریتانیا و فەڕەنسا بەستراتیژیەکی جیاواز، مەبەستی بوو نەخشەی ئەوروپا بەجۆرێك بکێشرێتەوە هەموو ئەو ناوچانەی لە سەدەی 19 تێیدا نیشتەجێ بوون، بیگەڕێننەوە سەر نەخشەی سیاسی خۆیان. هیتلەر لەم هەنگاوانەی پەلەی نەکرد، بەڵکو بەسیاسەتێکی هێمنانە کاری کرد، لەپاش ئەوەی لەساڵی 1933 لە کۆمەڵەی گەلان دەرچوو، ڕایگەیاند ئەو نیازی خراپی نیە بۆ هێرشکردنە سەر هیچ لایەك. یەکەم ڕێکاریش گرتیەبەر بریتی بوو لە ئەنجامدانی دانوساندن لەگەڵ پۆڵەندا، لەبەرئەوەی زۆرترین فراوانخوازی لەسەر خاکی ئەڵمانیا هەبوو لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان. لە 1934 ڕێککەوتنی دەست درێژی نەکردنە سەریەکتری لە نێوانیان مۆرکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەی ئاشتیانە، ئەڵمانیا لەم ڕێککەوتنە سودی بینی، چونکە پۆڵەندە لە زۆر بابەت سەبارەت بە ئەڵمانیا بێدەنگی هەڵدەبژارد(عمر؛ القوزي، 1999: 370). لە 22ی مایسی 1939 ئەڵمانیا-ئیتاڵیا لە بەرلین ڕێککەوتنێکی دوور مەودایان لەنێوان خۆیاندا مۆرکرد، کە هاوپەیمانەتیەکی سەربازی بوو. هەردوولا لەم ڕێککەوتنە مەبەستیان ترساندنی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو بەتایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا. ئەو هەنگاوانەی هیتلەر دەیبرِی لە داگیرکردنی ناوچەکان بەریتانیای نیگەران کرد. لەو سۆنگەوە چەمبرلین(Arthur Neville Chamberlain)، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتارێکی توندی ئاراستەی هیتلەر کرد، لەبەرئەوەی پابەندی بەڵێنەکانی خۆی لە کۆنگرەی میونخ(3) نەبووە، وە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ناوچەی سودیت(4) دوا ناوچەیە لە ئەوروپا بەدەستی دەهێنێت(صبح، 2003: 120).

ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە هاموشۆی نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە مانگی نیسان تا مانگی ئابی 1939، بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێوەبەرهەم بێت. لە 15ی نیسانی 1939 مۆلتۆڤ لە دانیشتنی لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا داوای ئاشتی و ئارامی بۆ دراوسێکانی کرد ، تورکیا ئەم پەیامەی ڕووسیای بە ئەرێنی وەرگرت. لەهەمان کاتدا نامەیەك ئاراستەی سراج ئۆغلۆ کرا کە سەردانی مۆسکۆ بکات بەبێ ئەوەی بەرواری سەردانیکردنەکە دیاری بکرێت. لەوەڵامدا ساراج ئۆغلۆ ڕەزامەندی نیشان دەدات بۆ سەردانیکردنی مۆسکۆ کەچی ئەویش ڕێککەوتی سەردانەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاری نەکرد. بەڵکو دەڵێت "با بۆ دواڕۆژبێت". دەکرێت بگوترێت هەردوو دەوڵەت گەرموگوڕ نەبوون لەوەی کە دانیشتن بکەن و بگەنە رێککەوتنێك زۆر بەبایەخەوە کارنەدەکرا بۆ چاوپێکەوتنەکان. دواجار بڕیاردرا لە 28ی نیسانی 1939 لە ئەنقەرە دانیشتن ئەنجام بدەن، لەکاتی وەرگرتنی ئەم وەڵامە مۆلتۆف، ئاسودەبوو لەوەی کە تورکیا خۆی لەبابەتەکە نادزێتەوە. 28ی نیسان بۆتمکین هاتە ئەنقەرە تا 5ی مایس مایەوە، پێشنیار سەبارەت رێککەوتنی سۆڤیەت- بەریتانیا و تورکیا کران، بەڵام لە دوای تەواوبوونی سەردانەکان هیچ ڕاگەیاندنیکی فەرمی بڵاو نەکرایەوە(Gürün, 1991: 176). کە ئەمەش بەو واتایە دێت کە دانوساندنەکان جدی نەبوون، تەنها موجامەلەکردنی یەکتری بوون. وە بەپێچەوانەوە دانوسان و نزیکبوونەوەکانی هەردوولا واتە تورکیا لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسا، وە سۆڤیەت لەگەڵ ئەڵمانیا بەرهەم دار تربوون، وەخاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان زیاتر ئەنجامی هەبوو(Gürün, 1991: 175). هەر بۆیەش لە ئەنجامدا تورکیا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا ڕێککەوتنی واژۆکرد، وە سۆڤیەتیش لەگەڵ ئەڵمانیا گەیشتنە ڕێککەوتن.

## دووەم: پەیوەندی تورکیا و سۆڤیەت دوای ڕێککەوتنی ئەڵمانی- سۆڤیەتی

ماوەی چەند مانگێك بوو شاندی دانوسانکاری سۆڤیەت لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسا لە گفتوگۆ و سەردانیکردن بەردەوام بوون. بەڵام بەهۆی نەبوونی متمانە لەنێوانیان بابەتی لاوەکی زیاتر گەنگەشەی دەربارە دەکرا، سۆڤیەت نیگەران بوو لەوەی کە ئایا دەبێت ئەوان لە گفتوگۆکانیان ڕاستگۆ بن؟ لەلایەکی دیکە وڵاتانی ڕۆژئاواش بەهەمان شێوە گومانیان لەهێزی سەربازی سۆڤیەت هەبوو لەوەی کە ئایا دەتوانێت هاریکاریان بێت یاخود نا. ئەم بێ متمانەیەیی نێوانیان وایکرد ستالین بڕیارێکی دیکە بدات ئەویش بریتی بوو لە نزیکبوونەوە لە ئەڵمانیا. لەو کاتەدا هیتلەر چاودێری دۆخەکەی دەکرد وە لەدڵە ڕاوکێ دابوو لەبەرامبەر چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژئاواو سۆڤیەت، بەهاتنی مانگی ئاب ڕۆبنترۆبی، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا سەردانی ستالینی کرد(Sander, 1998: 59). ئەڵمانیا هەردەم دژی شوعیەت بوو هیتلەر بەسروشتی خۆی دوژمنی شوعیەت بوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە 1937 هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئیتالیا، یابان، ئیسپانیا و هەنگاریا بەست، لەپێناو دژایەتیکردنی شوعیەکان. بەڵام بۆ ئەوەی لەدوو بەرەدا دووچاری شەڕ نەبێت بۆیە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت نزیکبووەوە(ه.ا.ل.فیشەر، 2015: 616). لە نیسانی ساڵە 1939وە، هیتلەر لە وتارەکانی بەخراپە ناوی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆڤیەتی نەدەبرد. ستالین لەکاتێکدا ئومێدی بەرێککەوتن بوو لەگەڵ ئەڵمانیا وەزیری دەرەوەی لیتفینوفی کە بەرەگەز جوولەکە بوو گۆڕی. لەشوێنی ئەو مۆلتۆفی دانا :Akdeveli Oğlu, 2009) (321.لەهەمانکاتیشدا لە دانوساندنەکانی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا بەردەوام بوو، تا مانگی تەمموز، هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نەبوون بۆ رێککەوتن. ستالین، هەستیکرد نەك هەر ناتوانێ سۆڤیەت لەدەرەوەی یارییەکان بهێڵێتەوە، بەڵکو دەبێتە یەکەم قوربانی جەنگ و دەکەوێتە بەر هێرشی ئەڵمانیا(دویچەر، 2018: 464، 467).

لەمانگی ئاب نزیکبوونەوەی ئەڵمانیا سۆڤیەت بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی، کاتێک ئیستاخۆفی کاربەرێکەری مۆسکۆ لە بەرلین بەئەڵمانیای ڕایگەیاند کە مۆلتۆف ئامادەیە سەبارەت بەبابەتە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ ئەڵمانیا گفتوگۆ بکات، لە 14ی ئاب  وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بروسکەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کرد. لەنامەکەدا یەکەم تێڕوانینەکانی هیتلەری سەبارەت بەرێککەوتنی سۆڤیەت و ئەڵمانیا خستەڕوو، کە زیاتر جەختکردنەوەبوو لەبارەی پەلەکردن لەرێکخستنی دانوستانەکانی نێوان هەردوولا. ئەم بروسکەیە کاریگەری لەسەر ستالین دروستکرد بۆ گرتنەبەری رێکارە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی دانوستنەکانی نێوان هەردوولا(شایرر، 2002: 559). دەتوانینن بڵێن بەهۆی بێباکی و کەمتەرخەمی بەریتانیا و فەرەنسا لەبەرامبەر سۆڤیەت و گرنگی نەدان بە پێشنیازەکانی سەبارەت بەدروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش دژی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، سۆڤیەتی ناچارکرد هانا بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئەڵمانیا ببات. ئەوەبوو لە 23ی ئابی 1939 رێککەوتنی دۆستایەتی و دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتری لەنێوان سۆڤێت و ئەڵمانیا واژووکرا(لیلتشوك و أخرون، 1973: 316).

پەیمانەی سۆڤیەت- ئەڵمانیا، جەختی لەسەر بێ لایەنی و دەستوەرنەدان لەکاروباری یەکتری دەکردەوە. بەشێوەیەک یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا نابێت شەڕ بەیەکتر بفرۆشن. لەبەشێك لەو پەیمانەدا هاتووە: (هەردووك لایەنی رێککەوتوو، بەڵێن دەدەن کە خۆ بەدووربگرن لە هەر جۆرە کردەوەیەکی توندوتیژی و سنور بەزاندن و هێرشکردنە سەر یەکتری بەشێوەی یەك لایەنە یاخود لەگەڵ هێزەکانی تردا). ئەو رێککەوتنە هەندێ کاری نهێنیشی لەخۆگرتبوو، کە هەردوولا پۆڵەندایان لەنێوان خۆیان دابەشکردبوو، هەروەها ستالین دەیتوانی پەلاماری ناوچەی باڵتیق و فنلاندا و بەشێك لە ڕۆمانیا بدات(پیترۆزا، بێ ساڵی چاپ: 29). دەکرێت بڵێن ئەم رێککەوتنە هاوپەیمانیەتی نەبوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵكو چەند بەڵێنێك بوو بەیەكتریان دابوو سەبارەت بەدەستدرێژی نەكردنە سەر یەكتری و ڕێككەوتن بوو لەسەر دابەشكردنی چەند ناوچەیەك كە بەرژەوەندی هاوبەش بەیەكەوە كۆیدەكردنەوە(تیلر، 1987: 66).

ڕێككەوتنی سۆڤێت- ئەڵمانیا لە23ی ئابی 1939، كاریگەریی نەرێنی لەسەر توركیا دروستكرد. بەشێوەیەک جارێکی دیکە ئەم ڕێككەوتنە توركیای توشی دڵەراوكێی و مەترسیەكانی پێشوی لە یەكیتی سۆڤیت هەیبوو زیندوکی کردەوە. هەرچەندە تورکەکان سۆڤیەتیان بەهاوپەیمانی خۆیان دەزانی. ماوەیەک بوو جۆریک لە لێکتێگەیشتن لەنێوانیان سەبارەت بەپرسە هەڵواسراوەکان هەبوو، كێشەكانی پێشوویان تێپەڕاندبوو، پەیوەندیەكی باش لەنێوانیاندا هەبوو. لەپاش ڕاگەیاندنی ڕێككەوتنی مۆسكۆ و بەرلین پەیوەندییەكانی سۆڤیەت- توركیا ناخۆشی تێكەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە 1ی ئەیلولی 1939 دەستیكرد بەهێرشكردنی سەربازی بۆ سەر پۆڵەندا، لەلایەكی دیكە لە 17ی ئەیلولی 1939, یەكێتی سۆڤیەتیش هێرشی كردە سەر ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵاتی پۆڵەندا، بەم شیوەیە جەنگ بەشێوەیەكی كردارەكی هەڵگیرسا و توركیا لەم نێوەندەدا دەبوایە پارێزگاری لە هەڵویستی وڵاتەكەی بكات، تاوەكو نەكەوێتە ژێر باری قورسی جەنگ. لەبەر ئەوەی هەر هەنگاوێكی هەڵە زیانی بە پەیوەندییە دبلۆماسیەكانی دەگەیاند(لنشوفسكی، 1964: 184).

دەكرێت بڵێین واژووكردنی هاوپەیمانەتی سۆڤیەتی - ئەڵمانی بەمانای كۆتایی هێنان بوو بەهەماهەنگی نێوان توركیا- سۆڤیەت، چونكە خواستەكانی سۆڤیەت جارێكی دیكە گەڕایەوە سەر مەسەلەی دەست ڕۆیشتویی بەسەر گەرووەكاندا، بەم جۆرەش پەیوەندییەكان خراپتر بوون، بەتایبەت دوای ئەوەی سۆڤیەت داوای پێداچوونەوە بەڕێككەوتنی مۆنترۆی دەكرد(5)( Gürtuna, 2006: 28). بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی توركیا، شوكرو ساراج ئۆغلۆ لە 26ی ئەیلول 1939، خۆیی گەیاندە مۆسكۆ لەلایەن ڤیاتشیسلاڤ مۆلتۆفی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت پێشوازی لێكرا، لە مەراسیمی پێشوازیدا، علی حەیدەر ئاكتایی بالیۆزی توركیا لە سۆڤیەت، فلادمیر بۆتمكین جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، وە باڵیۆزی سۆڤیەت لەتوركیا تیرنتییف ئامادەبوون. هەر لەم ڕۆژەدا خوانێك بۆ وەفدی توركیا ئامادەكرا لەلایەن وەزیری دەرەوە كە چەندان بەرپرسی سەربازی و سیاسی تێدا بەشداربوون، لەم خوانەدا بەخێر هاتنێكی شایستەی وەزیری دەرەوەی توركیا كرا( Правда, 27 сентября 1939, No. 288, г1). مەبەستی ساراج ئۆغلۆ لەم سەردانە نوێكردنەوەی پەیوەندییە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆستایەتیەکەیان بوو لەگەڵ سۆڤیەت، تورکیا ئامانجی ئەوەبوو کە لەڕیگای سۆڤیەت پارێزگاری لەدۆخی دەریای ڕەش بکات، وە سۆڤیەت ڕێز لەسەروەری و یەکگرتوویی هەرێمایەتی تورکیا بگرێت، بەڵام ویستی یەکێتی سۆڤیەت بەجۆرێکی دیکە بوو. سۆڤیەت داوای بەستنی پەیماننامەیەکی دوو قۆڵی دەکرد بۆ هاریکاری نێوانیان، تەنها بۆ ناوچەی دەریای ڕەش، بۆ دەسەبەرکردنی ئاشتی لە سنورەکانی لە باشوور، هەروەها داوایدەکرد گەرووەکان بەکارنەهێنرێت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ سۆڤیەت ناکۆکن. بێگومان بەهۆی دووری لەیەکتری ساراج ئۆغلۆ بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە بۆ تورکیا(الزبيدي، 2020، 119).

سۆڤیەت، پێداگربوو لەسەر بەرگریکردن لەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەڵمانیا، لەبەرامبەر هەر کارێك کە تورکیا ئەنجامی بدات، ببێتە هۆکاری تەنگ هەڵچنین بە ئەڵمانیا لە بەرەی بەلقان و دەریای ڕەش، داوایان دەکرد گەرووەکان لەڕووی کەشتیگەلی سەربازی بەریتانی و فەڕەنسی دابخرێت. ئینجا ڕێککەوتنی دۆستایەتی و دراوسێیەتی واژوو دەکەن. سەبارەت بەخاڵی یەکەم تورکیا ڕەتیکردەوە بەو بیانوەی پێشێلکردنی ڕێککەوتنی مۆنترۆیە. هەرچی سەبارەت بە خاڵی دووەم بوو ئەوا پێشنیاری کرد کە دۆستایەتی لەنێوان ڕۆژئاواو سۆڤیەت دروست بکات، بەڵام هەوڵەکانی بێهودە بوون(البديري، 2015: 283). سۆڤیەت لە ئەڵمانیا زیاتر نزیکبوەوە، وە دووردەکەوتەوە لەهاوپەیمانیەتی تورکیا بەریتانیا و فەرەنسا، چونکە ویستی لەسەر نەبوو، وە ئەڵمانیا، چاوی لەسەر هاوپەیمانیەتەکانی وڵاتانی بەلقان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەدوو دڵیەوە دەیڕوانیە ئەو هاوکاری و یارمەتیانەی کە بەریتانیا و فەرەنسا بە یۆنان و ڕۆمانیایان دەبەخشی تاوەکو پارێزگاری لەیەکگرتوویی خۆیان بکەن، لەلایەکی دیکە ئەو یارمەتیانە لەڕێگای تورکیا بەگەرووەکاندا ڕەوانەی بەلقان دەکران، بۆیە بەلایەوە گرنگ بوو تورکیا لە ڕۆژئاوا دابڕێت. لەوکاتەی ساراج ئۆغلۆ لە مۆسکۆ بوو، ئەڵمانیا لەپەیوەندی بەردەوام دابوو لەگەڵ مۆلتۆفی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کە لەدانوساندنەکاندا بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیا ڕەچاو بکات (لنشوفسكي، 1964: 185). تەنانەت فۆن ڕۆبنترۆبی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لەکاتی بەڕێوەچونی دانوساندنەکان گەیشتە مۆسکۆ، بەشداری ئەو کۆبوونەوانەی کرد کە پەیوەندیان بە ئەڵمانیاوە هەبوو. بەهاتنی ڕۆبنترۆب بۆ مۆسکۆ گفتوگۆکان بەبێ ئەنجام دواخران، وە بەهۆی داواکارییە تازەکانی سۆڤیەت سەبارەت بە گەرووەکان کات بۆ چاوپێکەوتنی دیکە دیاری نەکرا. بەگوێرەی تێڕوانینی مێژوونوسی تورک (ئوچارۆل- Uçarol )، داواکاریەکانی سۆڤیەت بریتی بوو لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەست بەستنی تورکیا لە مامەڵەکردن لە گەرووەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان، بەمانایەکی تر بەکارهێنانیان لەبەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت ڕێگەپێدان بە کەشتیگەلی سەربازی سۆڤیەتی و داخستنی بەڕووی کەشتیگەلی دەوڵەتانی دیکە. بەوەش دەریای ڕەش دەبوو بە دەریایەکی داخراو، تورکیا سەروەری خۆی لەدەست دەدا. ئەمەش دەبووە هۆی تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەی لەدەریای ڕەش پەیڕەو دەکرا لە بەرژەوەندی سۆڤیەت. بۆیە ساراج ئۆغلۆ لە 17ی تشرینی یەکەمی 1939 گەڕایەوە تورکیا .(Uçarol, 2013: 883, 884)لەوە بەدوا قۆناغێکی جیاواز لە پەیوەندییەکانی تورکیا- یەکێتی سۆڤیەت دەستپێکرد.

ئەوەی تورکیا دەیویست لەم قۆناغە پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسا، ئامادە نەبوو هیچ کارێك بکات بەبێ ڕەزامەندی ئەوان، ئەوەی سۆڤیەتیش دەیویست بریتی بوو لەوەی کە تورکیا بچێتە ژێر باری سۆڤیەت، کە ئەمەش جێگەی قبوڵکردن نەبوو لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە. ئەنقەرە داواکارییەکانی سۆڤیەتی خستە بەردەم بەریتانیاو فەرەنسا. پاریس زۆر بەتوندی ڕەتیکردەوە، هەرچی لەندەن بوو پێی وابوو کە لە گفتوگۆکان با ڕۆمانیا و یۆنانیش لەناو بازنەکەدا بن، چونکە ئەوانیش پێگەی جوگرافیایی گرنگن بۆ ناوچەکە، ئەنقەرە لەم بارەیەوە نیگەران بوو لەنزیکبوونەوەی ئەڵمانیا لەبەرەی بولگاریا وە لەکاتی هەبوونی هەڕەشەی ئیتاڵیاش بۆ سەر تورکیا ئەڵمانیا پشتی ئیتاڵیای دەگرت. بەوەش گشت ڕێگەکان لەبەردەم تورکیا داخراو دەبن، هەر بۆیە بڕیاری ڕێککەوتنی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسای بەپەسەند زانی(نعمة، 2017، ج1: 179).

## سێیەم: نزیکبونەوەی تورکیا لە بەریتانیا و فەرەنساو هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت

بەهاتنی ساڵانی سیەکان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان نزیکبوونەوەی تورکیا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا زیاتر بوو. بێگومان بەرژەوەندی هاوپەیمانان لەوەدا بوو کە تورکیا وەکو دۆستێك قبوڵ بکەن ئەویش بەهۆی پێگە جوگرافیەکەی. لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی جیهانی گرتەوە بەریتانیا قبوڵی ڕێککەوتنی مۆنترۆی کرد بەگەڕانەوەی سەروەری تورکیا بۆ سەر گەرووەکان، فەرەنساش لەسەر کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە نەرمی نواند تاوەکو بگەڕێتەوە سەر تورکیا. لەلایەکی دیکە هەرچەندە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاگاداری دەست درێژیەکانی ئەڵمانیا بوون بۆ سەر سنوری وڵاتانی دیکە کەچی هیچ هەڵوێستێکیان وەرنەدەگرت، بەو ئامانجە بوون ئەڵمانیای نازی ببێتە بنکەیەکی

جەنگی لە دژی ڕژێمی شوعیەت. هەر بەوەش نەوەستان بەڵکو، هەموو هەوڵێکیشیان دەخستەگەڕ بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو کارە ڕووبدات. شایانی باسکردنە وڵاتانی ڕۆژئاوا هاوکاری ماددی و مەعنەویان پێشکەش بەپارتی نازی دەکرد پێش ئەوەی بێتە سەر حکوم(الرفاعي، 2015: 19). بەڵام بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان سۆڤیەت- ئەڵمانیا، هاوپەیمانان بێ هیوا بوون، دەبوایە خۆیان بۆ ئەگەرێکی دیکە ئامادە بکەن.

توفیق روشدی بیگ، باڵیۆزی تورکیا لە لەندەن، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا چاوپێکەتنیان هەبوو، لەمانگی نیسان ئەم چاوپێکەوتنانە بەردەوام بوو تا لە 14ی ئایاری 1939، پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان تورکی- بەریتانیان ڕاگەیاند، ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە هاوکاریکردنی یەکتری لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە دەریای سپی ناوەڕاست. لە 23ی حوزەیرانی 1939، هاوشێوەی ئەم هاوپەیمانەتیە فەرەنسا- تورکیا لە مانگی حوزەیران ڕێککەوتن. (Balcı, 2013: 61)پێشوتر بەهۆی کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە ناکۆکی لە نێوانیان هەبوو. بەڵام بەهۆی نەرمی نواندنی فەرەنسا و ڕازیبوونی لەسەر دابڕینی ئەم شارە لە سوریا لەیەکتر نزیکبوونەوە(ە.ا.ل.فیشەر، 2015: 624). بێگومان ئەم نەرمی نواندنەش لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا لەخۆرا نەبوو بەڵکو بیریان لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ دەکردەوە زووبێت یاخود درەنگ. جێگای هەڵوەستە کردنە هاوکات لەکاتی دانوساندنەکانی نێوان بەریتانیا - تورکیا، ئەڵمانیا فۆن بابنی وەکو باڵیۆزی ئەڵمانیا لە ئەنقەرە دامەزران. ئەو یەکێك بوو لە باشترین کەسە دبلۆماتکارەکانی ئەڵمانیا، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی چاوپێکەوتنی لەگەڵ عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆك وەزیران، ساراج ئۆغلۆی وەزیری دەرەوە ئەنجامدا، لەم چاوپێکەوتنەدا گەنگەشەی داگیرکاری ئیتاڵیا بۆ ئەلبانیا کە یەکێکە لە وڵاتانی بەلقان، ڕەواندنەوەی ترسی تورکیا سەبارەت بەم بابەتە. ئەڵمانیا لەو قۆناغەدا بەگرنگی دەیڕوانیە پێگەی تورکیا، هەر بۆیەش فۆن بابنی بەباڵیۆز دامەزراند(6). لەهەمان کاتدا واتە هەر لەمانگی نیسانی 1939دا، هەروەك پێشتریش باسمان کرد بۆتمکین، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت گەیشتە تورکیا، بەڵام چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامی نەبوو. هۆکارەکەی بۆ نزیکایەتی تورکیا- بەریتانیا دەگەڕایەوە (Armaoğlu, 2014: 319).

فۆن بابن, باس لە ساتی گەیشتنی بۆتمکین دەکات بۆ ئەنقەرە, بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی تورکیا. ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو لە ئەستنبوڵ بووە بە بیستنی ئەم هەواڵە هەستەکانی تێکچوون,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر بۆیە بڕیار دەدات بچێتە ئەنقەرە. وادیارە بۆ بەدواداچوونی دانوستاندنەکان چووە, ئەڵمانیا ئەوکات حەزی بەوە نەبوو کە سۆڤیەت و تورکیا ڕێکبکەون, بەڵکو فۆن پاپن بە تەنگ ئەوەبوو کە تورکیا بۆ لای ئەڵمانیا کێش بکات(مذكرات فرانز فون پاپن, 1985, ج: 2, 627, 628). بۆ تورکیا ئاسان نەبوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت کێشەی تێبکەوێت، بۆیە ئەم بابەتە لەلایەن کاربەدەستانی ئەنقەرە بووە مایەی نیگەرانیەکی گەورە، بیرۆکەی خراپ بە مێشکیان دادەهات، هەستێك هەبوو کە دووبارە سەردەمی ناکۆکی عوسمانی- ڕووسیای قەیسەری خەریکە زیندوو دەبێتەوە. چونکە هەردوو دەوڵەت لەڕێگای جیاوازو و دوور لەیەکتری دەڕۆیشتن(نعمة، 2017، ج1: 179). دوای بێهیوابوونی تورکیا لە یەکێتی سۆڤیەت، مەترسی ئەوەی هەبوو کە هێرش بۆ سەر سنورەکانی ئەوان بهێنن، بۆیە دەبوایە پەلە بکەن بۆ دۆزینەوەی پاڵپشتەیەکی دیکە(البديري، 2015: 284). ئەم پاڵپشتیەشی لە هاوپەیمانیەتی بەریتانیاو فەرەنسا دەدۆزیەوە.

لە سەرەتای 1939، دانوساندن و پەیوەندیکردن بۆ پرۆژەی هاوبەشی نێوان تورکیا- بەریتانیا- فەرەنسا لە ئارادابوو. بەڵام زۆر گەرموگوڕ نەبوون، ڕەنگە هۆکارەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە تورکیا دەیویست هەم دەستکەوتی زیاتری دەست بکەوێت. هەمیش لە مەترسی سۆڤیەت پارێزراو بێت، لەهەمان کاتیش ئارەزووی ئەوەی دەکرد سۆڤیەتیش لەو هاوپەیمانەتیە لەگەڵیان بەشدار بێت(زوچەر، 2009: 330). کەچی ئەو پرۆژەی سۆڤیەت، خستیە بەردەم ساراج ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنامەی مۆنترۆ و ڕێکخستنی سەروەریەکی هاوبەش بەسەر گەرووەکانی تورکیەوە. تورکیای نیگەران کرد، بۆیە پرۆژەکەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی لەم شێوەیە قبوڵ ناکرێت. بەپێچەوانەوە، پرۆژەی ئینگلیزی- فەرەنسی قبولکرد بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتی سەربازی . (Gürtuna, 2006: 27)

ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە، هەرچەندە ساراج ئۆغلۆ بەبێ گەیشتن بەهیچ ئەنجامێك مۆسکۆی جێهێشت. بەڵام لەڕاستیدا حکومەتی تورکیا چاوەڕوانی گەڕانەوەی وەزیری دەرەوەیان نەکرد لە ئەنقەرە ڕێککەوتن لەگەڵ بەریتانانیا و فەرەنسا لە 19ی تشرینی یەکەمی 1939 واژۆکرا، سەبارەت بە هاریکاری هاوپەیمانان بۆ تورکیا ( Черников, 1983: 179). واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە بەرهەمی چەند مانگی پێشوتر بوو، کە هەرسێ دەوڵەت هەوڵیان بۆ دابوو. لە 23ی نیسان 1939، ساراج ئۆغلۆ لەڕێگای باڵوێزی بەریتانیا، ناتشبول هوجیستن( Knatchbull Hugessen)، کە ئەگەری گەیشتن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرێککەوتن لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا نزیکە، بۆ ئەم مەبەستەش بەریتانیا و فەڕەنسا کۆبوونەوە تا بگەن بە ئەنجامێك بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی ئابووری و دارایی بە تورکیا، هەروەها بەریتانیا هیچ بەربەستێکی نەدەبینی لەوەی کە تورکیا داوای دەکرد سۆڤیەت ئاگاداری ئەم رێککەوتنە بێت تەنها لەلایەنی سەربازی نەبێت، کە پێویستە بەنهێنی بمێنێتەوە. لە مانگی ئاياری 1939 تورکیا ئەم هەنگاوانەی بە بۆتمکین ڕاگەیاند، تورکیا وابیری دەکردەوە دوای گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ رۆژئاوا دەتوانێت لەگەڵ سۆڤیەت رێك بکەوێت(بهنان، 2006: 212). بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ڕووسی، مۆرکردنی ئەم پەیمانە سێ قۆڵیە بەمانای ڕەشکردنەوەی پەیوەندی دبلۆماسی و دۆستایەتی پەیمانی ساڵی 1925ی تورکی و سۆڤیەتی بوو، چونکە بەگوێرەی ئەم پەیمانە سێ قۆڵیەکە تورکیا بەبێ پرسکردن و ڕەزامەندنی بەریتانیا بۆی نەبوو یارمەتی هیچ دەوڵەتێکی دەوروبەری بدات، کە ئەمە ئامانجی بنەڕەتی بەریتانیا بوو تاوەکو پێگەی خۆی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزتر بکات، لەهەمان کاتیشدا دەست بخاتە ناکۆکی نێوان یۆنان و ئیتاڵیا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە پرۆتۆکۆلی ژمارە دوو ئاماژە بەوە دەکات، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی تورکیا نابێت ببێتە هۆکاری ناچارکردنی تورکیا تاوەکو دژی یەکێتی سۆڤیەت بوەستێت واتە پابەندی تورکیا بۆ هەماهەنگی هەڵدەوەشیتەوە ئەگەر بەریتانیا و فەڕەنسا شەڕیان دژی سۆڤیەت هەڵگیرساند، وە بەرپرسانی تورکیاش لە لێدوانەکانیان ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە هیچ کارێك ناکەن، ببێتە مایەی نیگەرانی سۆڤیەت، بەڵام لە هەنگاوەکانی دواتریان قسەکانیان پێچەوانە دەرچوون (Черников, 1983: 180-181).

ماوەی ئەم هاوپەیمانەتیە 15 ساڵ بوو، بەریتانیا و فەڕەنسا بەڵێنیاندا کە هاوکاری سەربازی پێشکەش بە تورکیا بکەن لەکاتی دووچاربوونی بەهێرش لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە. لەو ڕێککەوتنەدا تورکیا ناچار بەوە نەدەکرا هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت. جگە لەوەش قەرزێك بە بڕی بیست و پێنج ملیۆن پاوەن بۆ کڕینی کەرستەی جەنگی، وە پێدانی قەرزێك بەبڕی پانزە ملیۆن پاوەن لەگەڵ سولفەیەکی زیادە بە بڕی سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار پاوەن بۆ پاکتاوکردنی قەرزە بازرگانیەکانی(لینشوفسکی، 1964 : 188). ئەم ڕیککەوتنە هەر بەوە تەواو نەبوو بەڵکو ڕێککەوتنی دیکەی بەدواوە هات. بەریتانیا و فەڕەنسا بەڵێنیاندا بە زیادکردنی کڕینی بەروبوومی تورکی، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئەنقەرە نووسینگەی فرۆکەوانی بەریتانیا- فەڕەنسای دامەزرا مەبەستی لێکۆڵینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو سەبارەت بەو بەرهەمانەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن(مجموعة من الباحثين السوفيت، 2007: 238). تورکیا بە سود وەرگرتن لە و خاڵەی سەبارەت بە ئەنجام نەدانی هیچ کردەیەك لە دژی سۆڤیەت خۆی لە بەشداریکردن لە جەنگ دەدزیەوە، هەروەها بیانویەکی دیکەشی هەبوو ئەویش ئامادەنەبوونی سەربازی و کەموکورتی لەپێداویستیەکانی سوپا.(Balcı, 2013: 62)

سەبارەت بە هەڵویستی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێککەوتنی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٩، یەکێتی سۆڤیەت پێشوازی نەکرد لەو هاوپەیمانەتیە، ڕەخنەی زۆر توندی لێگرت، مۆلتۆفی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە وتارێکی، لە 31ی تشرینی یەکەم، سەرسورمانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو کارەی تورکیا، چونکە ئەم هاوپەیمانەتیە زیاتر لە بەرژەوەندی هاوپەیمانااندا بووە، دەیانتوانی گەرووەکان بۆ کاری جەنگ بەکاربهێنن، کە ئەمەش جارێکی دیکە سەروەری تورکیای لەسەر گەرووەکان کەمدەکردەوە کە بەگوێرەی ڕێککەوتنی مۆنترۆ ئەم مافەی بەدەستهێنابووەوە(النعيمي، 2011: 51). مۆڵتۆف، ڕایگەیاند کە سۆڤیەت وردبینی کردوە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی تورکیا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا، ئەوان کە مەبەستی سۆڤیەتە دەیانەوێت بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئایا تورکیا لە بەرامبەر کێ دەوەستێت؟ ئایا تورکیا چەند فشاری لەسەرە؟ ئایا مەبەستی تورکیا لەو نزیکبونەوەیە چیە؟ وە ئایا ئەگەر نەکرێ باشتر نیە؟. ئەم پرسیارانەی سۆڤیەت بۆ دڵنیابوون و زانینی نیاز پاکی تورکیا بوو، کە تا چەند مەترسیە بۆ سەر ئەوان. لەبەرامبەر گشت ئەو پرسیارانە ساراج ئۆغلۆ ڕایگەیاند کە ئەم هاوپەیمانەتیە دژی هەر دەستدرێژیکردنێکە بۆ سەر تورکیا وە دژی سۆڤیەت بەکار نایەت. لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە دەریای سپی و بەلقان، تورکیا و بەریتانیا و فەرەنسا ئەرکی پاراستی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن (Balcı, 2013: 284- 285).

ساراج ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەکاتی چوونی بۆ سۆڤیەت هەرچەندە بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە، بەڵام گەیشتبوە ئەو ئەنجامەی کە سۆڤیەت دژی پەیوەندییەکانی تورکیایە لەگەڵ ڕۆژئاوا. بۆیە واپێویست دەکات کاربەدەستانی تورکیا بەوریایی مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بکەن، بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژئاوا(لينشوفسكى، 1964: 187). بەگوێرەی زانیاریەکانی سەرچاوەیەکی ڕووسی خەڵکی تورکیا و تەنانەت سیاستمەدارانی تورکیاش نیگەران و ناڕازی بوون بە واژۆکردنی هاوپەیمانەتی سێ قۆڵی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا و تورکیا. هەروەها زۆرینە بڕوایان وابوو کە ئەم هاوپەیمانەتیە کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات. لەم دۆخەدا جەنەراڵە تورکەکان، داواکاری ئەوەیان

هەبوو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا نەپچڕێنن. لەلایەکی دیکەوەش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پتەو بکەن، وەکو وەفایەك لەبەرامبەر هاوکاری و یارمەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ تورکیا، لەکاتی شەڕی ڕزگاریدا. هەندێك لە پاڵپشتیکارانی سۆڤیەت لەنێو سوپا بڕوایان بەو ڕاستیە هەبوو کە پێویستە عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆك کۆماری تورکیا بگاتە ڕێککەوتنێك کە ڕێگە بەسوپای یەکێتی سۆڤیەت بدرێت بەناو خاکی تورکیا تێپەربێت( Галиакбарова, 2005:112, 113). بەڵام ئەوانە تەنها قسەو باس و پێشنیار بوون، چونکە تورکیا بەفەرمی و بەئاشکرا بڕیاری ڕێککەوتنی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا دابوو. تورکیا زیاتر سەلامەتی و پاراستنی سەروەری خاکی لەوەدا دەدۆزیەوە، چونکە بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە تورکیا هاوکاری سەربازی بەریتانیا و فەرەنسای دەستەبەر دەکرد، ئەگەر هاتوو دووچاری هێرشی هەر دەوڵەتێکی ئەورووپی بووەوە. جگە لە پێدانی قەرز کە تورکیا لەلایەنی ئابووریەوە سودی لێ دەبینی(مجموعة من الباحثين السوفيت، 2007: 237). بەڵام، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە هاوپەیمانەکانیش لەخۆڕا لەگەڵ تورکیا ڕێکنەدەکەوتن ئەگەر بەرژەوەندیان نەبێت. ئەویش بەپلەی یەکەم هەستیاری شوێنی تورکیایە، هەبوونی گەرووەکانی بۆسفۆر و دەردەنیل کە کلیلی دەریای ڕەشن. وە تاکە دەرچەی دەریای سپی ناوەڕاستن. بەرەو باشوور لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هاوسنورە، درێژ دەبێتەوە بەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، کە بە شادەماری هاتووچۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەژمار دەکرێت. جگە لەوەش تورکیا ئهڵقەی پەیوەندی سێ ناوچەی دەوڵەمەندی نەوتە لە جیهان. کە ناوچەی قەفقاسیا، ناوچەی ڕۆمانیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە(النعيمي، 1975: 15).

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1- تورکیا بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی , جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو بەتایبەت لەکاتی نزیکبونەوە لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان لەسەرەتای ساڵی 1939. ئەم بایەخەی ڕۆژئاوا کاریگەری دروست کردبوو لەسەر پەیوەندی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو, جیاواز لە ساڵانی شەڕی ڕزگاری تورکیا بیری چوو بوو سۆڤیەت تاکە دۆستی کەمالیەکان بوو، دەتوانین بڵێن هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانیان بوو. پەیوەندیەکانی تورکیا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێتی سۆڤیەت لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهان لەژێر کاریگەری ڕووداوەکاندا بوو، وادیارە تورکیا نەیدەویست بڕیار بدات لەسەر جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت، بەڵکو لەسەر گفتۆگۆی بەریتانیا و فەرەنسا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت وەستابووە، کاتێک ئەم دوو وڵاتە زلهێزە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ڕێکبکەوتنایە تورکیا زیاتر لە سۆڤیەت نزیک دەبووەوە، لەوانەش بوو ڕێککەوتنی لەگەڵ واژوو بکرادایە، بەڵام بەهۆی نەبوونی متمانەی ڕۆژئاوا بەسۆڤیەت وە مۆرکردنی ڕێککەوتنی سۆڤیەت - ئەڵمانیا، تورکیا نیگەران بوو، چونکە بیری لە مەترسی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بۆ سەر خاکەکەی دەکردەوە، بۆیە بە ئامانجی دەستکەوتنی هاوکاری و پشگیری ڕۆژئاوا لە بەریتانیا و فەرەنسا نزیکبووەوە و لەگەڵیاندا ڕێکەوت.

2- تورکیا لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی فەرمی وڵاتەکەی زیاتر بەلای بەریتانیاو فەرەنسا هەنگاوی دەنا, کەچی دەیویست یەکێتی سۆڤیەت وەک سەردەمی جەنگی ڕزگاری پاڵپشتی بێت و گەرەنتی پێبدات لە پاراستن و بەرگری لێکردنی، نەك لەبەر ئەوەی دۆستی ڕووسە نایەوێت لە دەستی بدات بەڵکو بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی بوو لەهەڕەشەکانی سۆڤیەت کە هەردەم هەستی بە مەترسی دەکرد لە بەردەمیدا, بەڵام ئەو سەردەم بارودۆخەکە گۆڕابوو، یەکێتی سۆڤیەتیش لە خەمی خۆیدا بوو، ترسی لە هێرشی ئەڵمانیا هەبوو، بۆیە بەدوای ئەوەدا وێڵ بوو خۆی لە مەترسی ئەڵمانیا دووربخاتەوە، هەر ئەوەش لە پێشەکی کارەکانیدا بوو، نەک پاراستن و ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا. سۆڤیەتیەکان بەو مەرجە ئامادەبوون لەگەڵ تورکیا ڕێککەون بتوانن تەئمینی دەریای ڕەش بکەن لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی گەرووەکانی بۆسفۆر و دەردەنێلەوە، بێگومان تورکیا هەرگیز بەمە ڕازی نەدەبوو, چونکە ئەوان هیچ هەنگاوێکیان لە دژی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا نەدەهاوێشت.

3- پێدەچێت لایەنی ئایدۆلۆژیش ڕۆڵی خۆی هەبوو بێت لە نزیکبوونەوەی تورکیا لە بەریتانیا و فەرەنسا، چونکە تورکەکان دژی بیری چەپ و شیوعیەت بوون، لەگەڵ بیرۆکەی بەڕۆژئاوای کردنی وڵاتەکەیاندا بوون. وڵاتانی هاوپەیمانیش ئامادە نەبوون ڕێگە بدەن بە بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزمی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە تورکیایان وەکو بەربەستێک بۆ پارێزگاریکردن لەناوچەکە بەکارهێناوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەراوێزەکان

(1)هاوپەیمانیەتی بەلقان: مەترسیەکانی ئەڵمانیا بەهاتنە سەر دەسەڵاتی هیتلەر لەساڵی 1933، کشانەوەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، هەڕەشەکانی ئیتاڵیا کە مۆسۆلۆنیی بەردەوام دەیگوت دەریای سپی ناوەڕاست دەریایەکی ئیتالیە، وە سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر دوورگەی دودیکانیزی ستراتیژی لەنزیك کەناراوەکانی تورکیا، مەترسی بۆ سەر تورکیا دروستکردبوو. دەسەڵاتدارانی تورکیای توشی دڵەڕاوکێ کردبوو. بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە هێڵی بەرگری لە ناوچەی بەلقان قایم بکەن، ئەوەش لەڕێگەی پاکتاوکردنی گرفتەکان بوو لەگەڵ وڵاتانی بەلقان. لەبەرامبەریشدا وڵاتانی بەلقان مەیلیان هەبوو کە هاوپەیمانیەتێك ببەستن، پێشوتر لە 1930 دوای ئەوەی ناکۆکیەکان لەنێوانیان چارەسەر کرابوو، تورکیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یۆنان واژۆکردبوو، لەنێوان ساڵانی1930- 1933 چوار کۆنگرە بەبەشداریکردنی تورکیا، یۆنان، یۆگسلافیا و ڕۆمانیا بەسترابوو، تا لە 9ی شوباتی 1934 گەڵاڵانامەی هاوپمانیەتی بەلقان واژۆکرا(لنشوفسکی، 1964: 181؛ Hale, 2000: 54).

(2)سلۆفاکیا بە هاندانی ئەڵمانیا لە چیك جیابوویەوە، سەربەخۆی وەرگرت، داوای کرد لەژێر چاودێری ئەڵمانیا بێت. ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر چیکسلۆڤاکیا. لەژێر فشار و هەڕەشەی هیتلەر، لیتوانیا ناچاربوو دەست لە شاری ممل هەڵبگرێت. ڕۆمانیای ناچارکرد بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئابووری. بەمەش ئابووری ڕۆمانیا کەوتە ژێر دەستی ئەڵمانیا(بهنان، 2005: 105، 106).

(3) کۆنگرەی میونخ لە 29 و 30ی ئەیلولی 1938 بەسترا. بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، واژووی پێدانی ناوچەی سودیت لە تشیکوسلۆفاکیا بەبێ بەکارهێنانی هێز بە ئەڵمانیا کرا. کە ئەمەش هۆکارێك بوو کە هیتلەر تەواوی تشکوسلۆفاکیا داگیر بکات ( Lasas, 2010: 28).

(4)هەرێمی سودیت: ئەو ناوچەیەیە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەڵمانن. بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆنگرەیی ئاشتی ساڵی 1919 خرابووە سەر چیکوسلۆڤاکیا(صبح، 2003: 119)

(5)ڕێککەوتنی مۆنترۆ: لە 20ی تەمموزی 1936. لە شاری مۆنترۆی سویسرا مۆرکرا لەلایەن نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، هیندستان، یابان، نەمسا، بولگاریا، یوگسلافیا، یۆنان و تورکیا، دواتر ئیتاليا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێتی سۆڤیەتیش بەشداریان کرد. توفیق ڕوشدی بیگ نوێنەرایەتی تورکیای دەکرد. بەئامادەبوونی نوێنەری کۆمەڵەی گەلان. ئەم ڕێککەوتنە بۆ تورکیا گرنگ و بایەخی زۆری هەبوو، چونکە توانی ڕەزامەندی بەشداربوان بەدەست بهێنێت بەگەڕاندنەوەی مافی سەروەری تورکیا بۆ بەڕێوەبردنی گەرووەکان. دوای ئەوەی لە پەیمانی لۆزان ئەو مافەی لێسەندرابوو. بابەتەکانی ڕێککەوتنی مۆنترۆ کرابوون بە دووبەش: بەشێکیان تایبەت بەکەشتی بازرگانی. بەشەکەی دیکەش تایبەت کرابوو بە کەشتی جەنگی(نورالدین، 2020: 95).

(6) لەسەردەمی مستەفا کەمال ئەڵمانیا هەوڵی دامەزراندنی فۆن بابنی دا وەکو باڵیۆزی ئەڵمانیا لە تورکیا، بەڵام مستەفا کەمال ڕێگەی نەدا بەو کارە چونکە زانیاری هەبوو سەبارەت بەو کەسایەتیە کە کاری هەواڵگری ئەنجامداوە لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهان(البطاط، 2019: 109), کەچی فۆن بابن لەیاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە حەزی بەو پۆستە نەکردوە, کاتێك لەبرلین ئەم هەواڵەی پێدراوە ببێت بە باڵیۆز لە ئەنقەرە لەشوباتی 1939, ڕەتیکردۆتەوە ئامادە نەبووە ئەم پۆستە وەربگرێت، بەڵام دواتر بەچەند مەرجێك قبوڵی کردوە(بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە کارەکانی فۆن بابن. بڕوانە: مذكرات فون پاپن, 1985, ترجمة: فاروق الحريري, جزء الثاني, الطبعة الاولى, دار افاق العربية, بغداد).

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان

1- Документы внешней политики СССР (1963) ،Министерство иностранных дел СССР ،Том 8 ، Издательство политической литературы ،Москва.
2- Документы внешней политики СССР (1963) ،Министерство иностранных дел СССР ،Том 22 ، Издательство политической литературы ،Москва.

### دووەم: کتێبە کوردییەکان

1- پیترۆزا، دێڤید، (بێ ساڵی چاپ)، مێژووی بلۆکی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی: ئەسکەندەر محمود رسول، چاپی یەکەم، هەولێر ,چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
2- دویچەر، ئیسحاق، (2018)، ستالین سەربووردەی سیاسی، وەرگێرانی، خالید هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

3- زوچەر، ئێریك جەی، (2009)، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێرانی، یاسین سەردەشتی، سلێمانی, چاپخانەی سیڤا.
4- فیشەر، ه.ا.ل،( 2015)، مێژووی نوێی ئەوروپا لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ساڵی 1950، و، شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان، چاپی سێیەم، هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

**سێیەم: کتێبە عەرەبیەکان**

1- أ. بيريزكين، وأخرون، (1975)، تاريخ السياسة الخارجية للاتحاد السوفيتي، ج: الاول(1917 -1945)، ت: مصطفى كمال، موسكو, دار التقدم.
2- البديري، خضير، (2015)، التاريخ المعاصر لايران و تركيا، الطبعة الثانية، بيروت العارف للمطبوعات.
3- تيلر، اي.جي.بي،(1987)، الحرب العالمية الثانية تاريخ مصور، ترجمة: سمير عبدالرحيم الجلبي، الطبعة الاولى، بغداد, دار الشئوون الثقافة العامة.
4- جارودي، روجية،(1998)، موجز تاريخ الاتحاد السوفيتي، ترجمة، نورا أمين, پاريس ، افاق للترجمة.
5- الحاج، لويس، (1947)، مشكلة المضايق والعلاقات الروسية- التركية، بيروت, دار المكشوف.
6- الرفاعي، لبنى رياض، (2015)، العلاقات الامريكية- السوفيتية 1945 -1949 دراسة تاريخية، الطبعة الاولى، عمان, دار غيداء.
7- الزبيدي، محمد مطر حمزة،( 2020)، موجز تاريخ تركيا في القرن العشرين، بغداد, مطبعة جعفر العصامي.
8- شايرر، وليم،(2002)، قيام و سقوط الرايخ الثالث " نهاية دكتاتور"، الجزء الاول، نقله الى العربية: جرجيس فتح الله، الطبعة الاولى، اربيل , دار ئاراس للطباعة والنشر.
9- صبح، على، (2003)، السياسات الدولية بين الحربين العالميتين 1914 -1939، بيروت- لبنان دار المنهل- مكتبة رأس النبع.
10-عمر، عبدالعزيز عمر، القوزى، محمد على، (1999)، دراسات في تاريخ أوروبا الحديث والمعاصر(1815-1950)، الطبعة الاولى، بيروت ,دار النهضة العربية.
11-ليلتشوك وأخرون،( 1973)، موجز تاريخ المجتمع السوفيتى، موسكو, دار التقدم.
12-لنشوفسكى، جورج، (1964)، الشرق الاوسط في الشؤن العالمية، ترجمة: جعفر خياط، بغداد, مكتبة دار المتنبي.
13-مذكرات فرانز فون پاپن, (1985), ترجمة: فاروق الحريري, جزء:2, الطبعة الاولى, بغداد, دار افاق العربية.

14-مجموعة من الباحثين السوفيت، (1967)، الحرب العالمية الثانية(وجهة النظر السوفيتية)، تعريب: خيرى حماد، القاهرة , دار الكاتب العربي للطباعة والنشر.

15-مجموعة من الباحثين السوفيت، (2007)، تاريخ تركيا المعاصر، ترجمة، هاشم صالح التكريتي، سليمانية, مؤسسةحمدى للطباعة والنشر.

16-النعيمي، أحمد نوري, (1975) ، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، بغداد, دار الحرية للطباعة والنشر.

17-النعيمي، أحمد نوري، (2011)، العلاقات التركية الروسية في الصراع والتعاون، الطبعة الأولى، الأردن, دار زهران للنشر والتوزيع.

18-نعمة، كاظم هاشم،( 2017)، تركيا القوة الوسطى من أتاتورك الى اردوغان، الجزء ألاول، الاردن , دار أمنة للنشر والتوزيع.

19-نورالدين، محمد، (2020)، مئة عام من تاريخ تركيا الحديث سيرة السياسية واجتماعية (1920 -2020)، ط: الاولى، بيروت- لبنان, شركة المطبوعات.

**چوارەم: کتێبی فارسی**

1- نخجوان، محمد، (1339)، تاريخ جنگ جهانى دوم 1939 -1945، تهران, انتشارات چاپخانه علمى.

**پێنجەم: کتێبە تورکیەکان**

1- ARMAOĞLU ،F. ،(2014). 20.Yüzyıl Siyasi Tarihi (1914-1995) ،19 Baskı ،Ankara, Timaş Yay.

2- AKDEVELİ OĞLU،.vd ،(2009) ،Türk Dış Politikası(1919- 1980) ،15 Baskı ،İstanbul, İletişim.

3- BALCI ،Ali. ،(2013). Türkiye Dış Politikası İlkeler ،Aktörler ،Uygulamalar ،İstanbul, Etkileşim Yay.

4- UÇAROL ،R. ،(2013). Siyasi Tarihi (1879- 2012) ،9.Basım ،İstanbul, Der Yay.

5- SANDER ،Oral ،(Tarihsiz )،Siyasi Tarihi (1918- 1990) ،3.Baskı, Türkye İmge Kitabevi.

6- GÜRÜN ،Kamuran ،(1991) ،Türk- Sovyet İlişkileri ،Ankara, Türk Tarih Kurumu Basımevi.

7- HALE ،William ،(2003). Türk Dış Politikası 1774- 2000 ،Çev.P. ،Demir ،İstanbul, Mart Matbaası.

**شەشەم: کتێبی ئینگلیزی**

1- Lee, Stephen. J ،(1999), Stalin and the Soviet Union ،Landan, Routledge.

2- Lasas, Ainius, (2010), European Union and NATO Expansion Central and Eastern Europ, First published, United States

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**حەوتەم: کتێبی ڕووسی**

1- Галиакбарова, Надежда Маликовна ،(2005) ،СОВЕТСКО-ТУРЕЦКИЕ ОТНОШЕНИЯ В 1939-1941 гг ،Ура́льский госуда́рственный университе́т и́мени А.М. Го́рького

**هەشتەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

أ- عەرەبیەکان

1- البطاط، كرار حيدر حمزة، 2019، فرانز فون بابن و دوره في المانيا أبان العهد النازي(1933- 1945)، ماجسترفي تاريخ الحديث، كلية التربية الاساسية، جامعة المستنصرية، بغداد .

2- بهنان، حنا عزو، (2005)، العلاقات البريطانية- التركية 1936 -1939، اطروحة دكتوراه مقدمة الى جامعة موصل.

ب- ڕووسیەکان

**3-** Черников, Игорь Федорович ،(1983), Советско-турецкие отношения в 1934-1972 ، Дисс. на соискание уч. ст. док. ист . наук. Киев.

ج- ئینگلیزیەکان

4- Gürtuna ،Anil ،(2006) ،Turkish-Russian Relations in the Post Soviet era from conflict to cooperation ،Middle East Technical University ،The Degree of Master in International Relations ،Ankara.

**نۆیەم: ڕۆژنامەکان**

1- پراڤدا، 27 أيلول 1939، العدد: 288. Правда ،27 сентября 1939 г. ،No 288.

2- Cumhuriyet: 6 Haziran 1939 ،S: 5411; 8 Haziran 1939 ،S: 5413; 13 Hazıran 1939 ،S:5418

# The Influence of Western Countries on (Turkey-Soviet Union) Relations in the Outbreak of World War II 1939

**Payman Abdullah Hamad**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
payman.hamad@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Bakhtyar Saaid Mahmood**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Asst. Prof. Dr. Kaivan Shafei**
Department of History, faculty of Humanities, Sanandaj Branch Islamic Azad University, Sanandaj, Iran.
Kaivan_shafei@yahoo.com

***Keywords***: *Turkey, Soviet Union, Agreement, Relations, Britain*

## Abstract

In general, the political formulas on 1939, tend to be much complicated, at this time Turkey and Soviet Union where before they were to friendly countries, however, their relations took a negative direction caused by different factors, most importantly, the approach of Turkey to the Western countries, which was against what Stalin was looking forward. The reason was that the friendly relations between Turkey and Western countries directly impacted on fading of the relationships with the Soviet Union. This gap encouraged Germany so that Hitler can approach to his dreams and to use it for the reconstructing of world map, and to accomplish his goals he approached to the Soviet Union, regardless that he did not interest in Communism and signed an agreement with. This agreement negatively impacted on the relations with Turkey and get a way from each other. On the other hand, Turkey leaned to United Kingdom and France. As a result, each of them signed agreements against each other.

---

## تأثير الدول الغربية على علاقات (تركيا – الاتحاد السوفيتي) في بداية اندلاع الحرب العالمية الثانية عام 1939

### ملخص

المعادلات السياسية في العالم بشكل عام وفي سنة 1939, اتجهت نحو التعقيد والتدهور في تلك الفترة. تركيا و الاتحاد السوفيتي في السنوات السابقة كانتا دولتان صديقتان, لكن تلك العلاقة وقعت فيها التشقق لأسباب مختلفة, ومن اكثر هذة الاسباب تقرب تركيا من دول الغرب, وهذه كانت على عكس رغبة ستالين, والسبب هو أن العلاقات الودية بين تركيا والدول الغربية أثرت بشكل مباشر على تلاشي العلاقات مع الاتحاد السوفيتي. شجعت هذه الفجوة ألمانيا حتى يتمكن هتلر من الاقتراب في تحقيق اماله واستخدامها لإعادة بناء خريطة العالم، و من

اجل تحقيق أهدافه اقترب من الاتحاد السوفيتي، ذلك بغض النظر عن كراهيته للشيوعية وقع اتفاقية معها. أثرت هذه الاتفاقية سلبيا على العلاقات مع تركيا وابتعدت عن بعضها البعض. من ناحية أخرى، اتجهت تركيا إلى المملكة المتحدة وفرنسا. نتيجة لذلك ، وقع كل منهم اتفاقيات ضد بعضها البعض.